# مانگەشەو سەر لەئێوارەکەی دیارە

## (لە پەیوەند بە قسەکانی بەرپرسی مەکتەبی راگەیاندنی پارتی)

بەشدار عەلی

سەرۆ قادر بەرپرسی مەکتەبی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە گفتوگۆیەکی لەگەڵ بەشی کوردی رادیۆی رۆژی 2006/3/5 لەوەڵامی پرسیارێکی رادیۆ کە سەبارەت بە پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ وگرتنو زیندانیەکان لە هەولێر کە ئازاد جوندیانی لە کوردستانی نوێ باسی کردووەو گوتی:"جوندانی ئەگەر ئەم قسانە بکات ئێمە نموونەی زیاترمان لەبەردەست دایە سەبارەت پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ..". سەرۆ قادر مەبەستیەتی بڵێ چۆن سەرکوتو زیندانو داپڵۆسین و ژێر پێنانی مافە فەردیو مەدەنیەکان ئیهانەو سووکایەتی کردن بە کەسانی ئازادیخوازو نارازی لە هەولێردا کە پارتی کردوویەتی بەکارێکی رۆژانەی خۆی, بەهەمان شێوەش لەسلێمانیش ئەم کارانە بەزیادەوە دەکرێن, بەڵام لەبەر بەرژەوەندی سیاسی ئەو رێکەوتنەی کەلەنێوان پارتی و یەکێتی هەیە باسی ناکەین! قسەکانی سەرۆ دروستە ئێمەو خەڵکی کوردستانیش هیچ لاریەکمان لەمە نییە کە رۆژانە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیش هەموو جۆرە پێشێلکاریەکانو ئەشکەنجەدانێکی دەروونیو جەستەیی روودەداتو خەڵکی داخ لەدڵی کوردستان بەرەو ژوورەتاریکەکانی زیندان راپێچ دەکرێن,بەڵام ئەمە چی وای لە سەرۆو پارتی کردووە لەبەر (بەرژەوەندی سیاسی) دان بە جەرگی خۆیان بنێنو راستیەکان لە خەڵك بشارنەوەو بۆ کاتێکی تر دوای بخەن. 15 ساڵە بەرژەوەندیە سیاسیەکانو بەناوی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستان وایان لە خەڵك گەیاندووە کەوای خواستووە کە خەڵك دەنگ هەڵنەبرن, نارازی نەبن, سەرکوت بکرێنو زیندانی بکرێن, رەخنە نەگرنو باسی شتە خراپەکانی دەسەڵاتداران نەکەن, هێلی سور نەبەزێنن, باسی داهاتی بەتاڵان براوی کوردستان نەکەن....., ئەمانە چ ئەقڵو لۆژیكو مەنتقێك دەتوانێ هەزمی بکاتو ژانەسەر نەیگرێت, ئاخر دەسەڵاتدارانی کوردستان 15 ساڵە بەم بەهانە پوچانەو بە درۆو ریاکاریەکانیان لەبەرژەوەندی ئابووریو سیاسیو تەسکی حزبایەتیان ساتو سەودا بە مافو ئازادیەکانی خەڵکی کوردستانەوە دەکەنو هەر دەورەیەك بۆ ئیمتیازاتێکی مادیو کاتی خەڵکی کوردستان تەسلیم بە درِندەترینو کۆنەپەرسترین دەوڵەتانی ناوچەکەو جیهان دەکەن,ئێستاش لە دەوری هەمان بازنە دەخولێنەوە لە ئەنجامدا خەڵکی کوردستانیان تەسلیم بە حکومەتێکیئیسلامی– قەومی کردووەو خەڵکی کوردستانیان لە سەرەتاترین و سادەترین مافی خۆیان بێبەش کردووە کە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە, بە داهاتی خەڵکی کوردستان خۆیان کردووە بە گەورە سەرمایەدارانی جیهان رۆژە رەشیو برسیەتیو بێدەرەتانیو نەبوونی خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکانی کردۆتە دیاری بۆ خەڵکی کوردستان.لەلایەکی ترەوە وەکو پیشەی چەندین ساڵەی تریان بەربوونەتە گیانی خەڵكو لەسەر وشەکانو رستەکان خەڵك زیندانیو مەحکوم دەکەن, رێکەوتنەکانیشیان کە هیچ پەیوەندیەکی بە خەڵکی کوردستانەوە نییە دەیکەن بە منەت بەسەر سەری خەڵکەوە. بۆ هەموو لایەکمان رۆشنە کارو کردەوەو هەڵوێستی ئەم دوو سێ ساڵەی پارتیو یەکێتی لە هەولێرو سلێمانی ئەمەی سەلماندووە کمە ئەو گوریسەی بەیەکەوە سەرەکانیان گرتووە باریکەو زوو دەپچرێت, لە ئاکامیشدا خەڵکی کوردستان راپێچی نێو شەڕو کوشتارو قەسابخانەکانیان دەکەن.ئەگینا هەر ئێستا لە دەڤەرەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکتردا لە ململانێ‌وگرتنو زیندانین لەگەڵ ئەندامانو لایەنگرانی یەکتر, بەڵام وەکو سەرۆ ئاماژەی پێکردووە لەبەرئەم (بەرژەوەندییە کاتییە) ئێستا قسە ناکەنو بێدەنگی لێدەکەن. ئەمە رێکەوتن نییە بۆ باشکردنی ژیانی خەڵکی کوردستان, ئەمە رێکەوتن نییە بۆ زیادکردنو باشترکردنی خزمەتگوزاریەکان بۆ بونی سووتەمەنی کارەبا, بۆ سەراسەری کردنەوەی نارەزایەتیەکان, بۆ مسۆگەرکردنی مافو ئازادیەکانی خەڵك, بۆ مافی سادەی خەڵك لە جیابوونەوەی کوردستانو دامەزراندنی دەوڵەتێکی غەیرە قەومیو دینی , بەڵکو ئەمە رێك ئەم رێکەوتنە پێچەوانەی ئەمانەیە کە لەسەرەوە باسمان کرد, لە هەموو ئەمانەشدا کرێکاران و ژنانو لاوانی کوردستانی دەبنە قوربانی یەکەم وەکو ئێستاو لە رابردووش بینیومانە لە بژوکترین ئاڵوگۆڕدا تەواوی بەندەکانی ئەم رێکەوتنەیە بایەخی پوشێکی نابێت. بۆیە دەبێت خەڵکی کوردستان بەزووترین کات فریای خۆیان بکەوتنو ریزەکانیان یەکگرتوو بکەنو لەدەوری یەکتر کۆببنەوە, بۆ ئەوەی چیتر لەم مەملەکەتە پڕ مەرگەساتەی پارتیو یەکێتی رۆژانە نەبنە خۆڵەمێشو زیندو ببنەوە.